# له ژێر ناوی فکری جیاواز هەنگاو بەرەو خیانەت....!؟

## ڕۆشنا سلێمانی

لە سەرەتایی دەرکەوتنی پەکەکە تا ڕۆژگاری ئەمرۆ بە چەند قۆناخی جیاجیای پڕ دژوار دەرباز بووە, بەڵام هیچ کامیان لەو ئاستەنگی کێشە ناوخۆییانەی پەکەکە نەیەنتوانی ببنە هۆی لە بەین بردنی ڕاستی پەکەکە بگرە هێزی گەورەیی بەم ڕێکخستنە بەخشی لە هەموو بوارەکان, ئەوەش بۆ یەك هۆکار دەگەڕێتەوە ئەوەیە کە سەرۆکی پەکەکە بەڕێز ئۆج ئالان ئەو کات خۆی بەشێوەیەکی ڕاستەو خۆ سەرپەرشتیاری دەکرد و کاری بۆ چارەسەری کێشەکان دەکرد, هەمان کاتیش پەرپەکتیف و ڕێگەی چارەسەری و نۆیی دەخولقاند کە مایەی سەرنجی هەموو لایەك بوو, هۆکارەکەشی ئەوەیە سەرۆکی پەکەکە بە ئاوایەکی واقع بینانەو بە پێی بەرژەوەندیەکانی ڕێکخستن و تەڤگەرەکە هەڵسوکەوتی دەکرد و لە هەمان کاتیش هێزی خۆی لە سەر ئەساسێکی گونجاو زانستیانە بە گەڕ دەخست و خواستی چارەسەری‌و گەورە بوونی هێزی ئازادیی خوازی بە بنەما دەگرت بۆ ئەوەی بتوانێت لە ڕێگەیی ئەم کەناڵەشەوە کەسایەتی نەخۆشی ناو ڕێکخستن مەحکوم بکات, هەمان کاتش کەسایەتیەکی ئازاد لە کەسایەتی نەخۆشدا بخولقێنێت ئەمەش تەنها چەمکێکە کە لە کەسایەتی بەڕێز ئۆج ئالان بە دەردەکەوت کە مایەی سەرنجی گشت دۆست و دوژمنانی بووو, هەردەم ناکۆکی و کێشەکانی بە بەرژەوەندی ڕێکخستن چارەسەر دەکردو هەموو توانایی خۆی بۆ پەرە پێدانی ئەم چەمکە لە ناو کادێران و دۆستی پەکەکە پێشکەش دەکرد هەم لە ووتەکانی خۆی دەیگوت (( پێوویستە ئێمە هەردەم دوژمن لە بەرژەوەندی خۆمان بەکار بهێنین)) ئەمەش بۆ سەردەمی گروپی ئایدۆلۆژی دامەزراندنی پەکەکە دەگەڕێتەوە کە لە کەسایەتی(( کەسیرە (فاتمە) و پیرۆت)) ئەم چەمکەیی بەشێوەیەکی زانستی خستە بواری پراتیك و دەوڵەتی بە کاردەهێنا لەم کەناڵەوە هێزی پەکەکەیی لە ناو تەنگاسیی بە دەرخست و نەیهێشت وەك هێزەکانی تری تورکیا بتوێتەوە, ئەمەش بۆ کەسایەتی‌یەکی کورد مایەی سەرنجە بۆیە هەردەم هێزو سەرهەڵدانەکانی کورد بە پێی بەرژەوەندیەکانی دوژمن هەڵسوڕاوە جا ئەمە بە شێوەیەکی زانستی بێت یان نەزانیبێت... بەڵام بۆ جاری یەکەم ئەمە لە لایەن پەکەکە و سەرۆکەکەیەوە بە بەرژەوەندی کورد هەڵسوڕێنرا.

ئەوەی شوێنی سەرنجە دوای ڕادەست کردنەوەی بەڕێز ئۆج ئالان ئەم چەمکە لە لایەن کادرەکانیەوە بە شێوەیەکی باش پراکتیزە نەکراوە دەرئەنجامی چارەسەر نەکردنی کێشە ناوخۆیەکان لەم خاڵەوە دەست پێدەکاو لاوازی ئەم چەمکەیی بەڕێز سەرۆکی پەکەکە لە کادرەکانی دەست نیشان دەکرێت. ئەوەش شوێنی ڕەخنەیە بۆ سەر کادرانی پەکەکە کە پێوویستە فەلسەفەو ئایدۆلۆژیا و تیۆری ئاپۆجی باش تێبگەن و بیخەنە بواری پراتیکی تا لە بەردەم ئاستەنگیەکانی ناوخۆی پەکەکە و دەرەوەش ببنە خاوەن چارەسەرییەکی کە لە بەرژەوەندی هێزی ئازادییدا کۆتایی پێبێت و ببنە وەڵامێك بۆ داخوازیەکانی بەڕێز ئۆج ئالان و گەلەکەشمان لە باکووری کوردستان. چونکە ئەوەیی دەتوانێت هێزی ئازادی خوازیی بەرەو سەرکەوتن بەرێت کادران و گەل بۆخۆیەتی ئەوەیی دەبێـتەوە هۆی لاواز بوون ئەم تەڤگەرەش سەرەتا بۆ سەرشانی کادیرانی پەکەکە دەگەڕێتەوە بۆیە پێووستە لە سەرشانی کادران بە شێوەیەکی کارامە کار بۆ بە هێز کردنی ئەم تەڤگەرە بکەن بۆ ئەوەی ببنە وەڵامێك بۆ بانگەشەکانی بەڕێز ئۆج ئالان لە هەمان کاتیش بۆ دوژمنان کە لەم دواییە دەیانەوێت پەکەکە پارچە

بکەن.  ئەمەش لە لایەن کەسانێی وەك فەرهادیی برای سەرۆکی پەکەکە و داروودەستەکەی, ئەمانەش ڕاستەوخۆ لە لایەن ئەمەریکاو هەندێك هێزی باشوورەوە هاریکاری دەکرین دەیانەوێت ڕەنجی سیی ساڵەیی گەلەکەمان لە باکوور بەرەو نەزۆکی و بێچارەیی بەرن ڕەنج و تێکۆشانی گەلەکەمان کە پێی ناوەتە هەنگاو چارەسەری فەتیس بکەن و ڕێگایی چارەسەری بۆ ئاڕاستەیەکی تربەرن و لە هەمان کاتیش هێزێکیتر بخەنە پێش کە بە پێی بەرژەوەندیەکانی خۆیان هەنگاو بهاوێژێت, ئیرادەی کەسایەتی ئازاد لە ناو بەرن و کەسایەتی تەسلیم کارو کرێگرتە بکەنە ئەلتەرناتیف بەرامبەر بە تەڤگەری ئازادی و بێکاریگەر کردنی سەرۆکی پەکەکە, بۆ ئەمەش کەسایەتی دۆڕاویی وەك فەرهاد و گروپەکەی کە بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان وازیان لە هەموو ڕاستیەك هێناو پاڵیان نایە پاڵ دوژمن لە بەرژەوەندی تەسکی خۆیان , لە هەمان کاتیش بوونە پارچەیەك لە کۆنسێپتی نێونەتەوەی کە لە بەرامبەر بە هێزی ئازادی باکووری کوردستان و سەرۆکی پەکەکە کە لە ساڵی 1999 بە پیلانێکی نێونەتەوەیی ڕادەست بە تورکیا کرا. فەرهادی برایی جارێکی تر خیاتەکانی مێژوو لە بەرژەوەندی دوژمن پەرە پێبدات ئەمەش تەنها بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پاشناوی ئۆج ئالان, پاش ناوێتی.؟ بەڵام پێوویستە لەمە بەدواوە ئەم پاشناوە بۆ کەسێکی وەك فەرهاد بەکارنەهێنرێت. لە هەمان کات ئەم پیلانە کە لە سەر پەکەکە بەردەوام دەکات دەیانەوێت لە ڕێگەی سیاسیەوە  پارچەی بکەن بۆ ئەمەش هێزەکانی باشووریان ڕاسپارد کە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن بە تایبەت تاڵەبانی سەرکێشی ئەم کارەی کرد بۆیە بۆ کەسێکی نەخۆشی وەك فەرهاد کە بێباوەڕ بووە لە هەمان کاتیش خاڵی لاوازی فەرهاد لە ساڵی 1992تاڵەبانی ئەم خاڵە لاوازەی دەست نیشان کردووە و لەم خاڵەوە دەستی بە پیلان گێڕی خۆی کرد لە بەرامبەر بە پەکەکە تا بتوانێت کاریگەری خۆی لە سەر باکوری کوردستان بکات خۆی بە سەرۆکی نەتەوەی کورد ناوببات و لە هەمان کاتیش بۆ ئەوەی لە بەردەم تورکیا شەرمەزار نەبێت. ئەگەر تاڵەبانی بیەوێت بە شێوەی چەکداری لە بەرامبەر بە پەکەکە شەڕ بکات ئەوە لە ناو خەڵکی کوردستا بە تاواوی گرانی خۆی لە دەست دەدات کاریگەری خراپ دەکەتە سەریان بۆ ئەمەش هەردەم خەتی توانەوەو لە ناوبردنی شۆڕشگێڕان لە لایەن تاڵەبانیەوە لە ژێر ناوی دۆستایەتی خەنجەر لە پشتیان دەدات و کاری خۆی بە ئەنجام دەگەیەنێت کە لە بەرژەوەندی دوژمندایە کاتێك تاڵەبانی هەستی بە هەندێك ناکۆی ڕێکخستنی و سیاسی و ئایدۆلۆژی ناو پەکەکە کرد لێرەوە خەنجەری خیانەتی لە پشتی هێزی ئازادی خوازدا تەنها بۆ ئەوەی هەندێك دۆلار وەربگرێت لە لایەن ئاغاکانیەوە ئەمەش بۆ کەسایەتی وەك تاڵەبانی شتێکی ئاسایی و سیاسەتێکی زۆر گرنگە, چونکە ئەم کەسە خاوەنی ئەخلاق و پرەنسیپی سیاسی و کۆمەڵایەتی نییە..... بۆیە ئەوەی بە فکری ئەم جانەوەرە بێت بێ یەك و دوو دەیکات, ئەمەش بە شێوەیەکی ڕوون لە لایەن ئەم جانەوەرەوە لە تورکیا هاتە زمان کە دەڵێت (( پەکەکەو سەرۆکەکەی تیرۆرست و خەتەرناکن بۆیە پێوویستە ووشیار بین, لە هەمان کات فەرهادی خەتێ ((مەبەستم مەلایی خەتێیە کە خیانەتی کرد بە شێخ محمدی ڕەواندزی)) لە تورکیا بە ئاشتی خوازوو وولات پارێزیان ناودەبات و داوای لێبووردنیان بۆ دەکات و دەیەوێت بیکاتە نوێنەریی سیاسی کوردی باکوور بۆچارەسەری کێشەکان, بەڵام پێم وایە فەرهادو تاڵەبانی جانەوەر هەردووکیان لە گۆیی گایە خەویان لێکەوتووە من هەرئەمنە دەڵێم ئەگەر کەسێك خیانەت لە برای خۆی بکات ئەبێت چۆن چارەسەری کێشەی گەلێك بکات و چۆن زاتی ئەوەی هەیە خۆی بە دەم ڕاستی گەل بزانێت.....!؟

من دەمەوێت لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە ڕەخنە ئاڕاستەیی پەکەکە بکەم ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەمن دوژمنی ئەم پارتیەم یان دۆست و لایەن گری ئەمانم, بەڵام تەنها ئەوەی بۆ من گرنگە ئەوەیە کە ئەم پارتییە خاوەنی هەزاران شەهیدیی قارەمان و فیداکارە, کە لە پێناوی ئازادی گیانی خۆیان بە خاك سپاردووە و لە هەمان کاتیش ئەگەر ئەم هێزە لاواز بێت یان ئەگەر لە ناوبچێت ئایا لە بەرژەوەندی گەلی هەژاری کوردە یان دوژمنە بۆیە هەرچی ڕۆژێك لە بەرژەوەندی ئەم گەلە خەبات و تێکۆشان بکات مایەی ڕێزو شانازییە, لە هەمان کاتیش کەسێکی وەك بەڕێز ئۆج ئالان کە بۆ ماوەیی شەش ساڵە لە زینداێکی تاکەکەسیدایە مایەی ڕێزو شانازییە بۆیە لە سەر هەر تاکێکی کورد پێوویستە بەرگری لەم بەڕێزە بکەین, وە ئەگەر نەمانتوانی ببینە دۆستیش, بەڵام با لە پێناوی هەندێك بەرژەوەندی تەسکی پارتایەتیو غروری شەخسی زیاتر نەبینە هێز بۆ دوژمنان و بە شێوەیەکی ڕاستەو خۆ خزمەت بە بەرژەوەندی دوژمنان نەکەین.....بەڵی ئەگەر بەڕێز ئۆج ئالان هەڵەیەکی سیاسی هەبووبێت یان خاوەن ئایدۆلۆژیایەکی جیاواز بێت بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ ئەو ژیانی تیا دەگوزەرێنێت لە پێناوی گەلەکەیەتی نەوەك دوژمن.؟ ئەگەر بەڕێز ئۆج ئالانیش خۆی تەسلیم بە بەرژەوەندیەکانی دەرەوە بکردایە ئەوە ئێستا ئەویش لە ئوتێلەکانی ئەمەریکاو ئەوروپا ژیانی بە ڕێدەکرد و لە هەمان کاتیش بە شۆڕش گێڕو ئاشتی خواز ناویان دەبرد, بەڵام چونکە ئیرادەیی گەل و قەدەری ئەم گەلەی تەسلیم نەکردن و بە پێی بەرژەوەندیەکانی ئەوان هەڵنەسوڕا بە تیرۆرست ناوزەدیان کردو لە هەمان کاتیش پیلانێکی گەندەڵ و ڕەشیان لە بەرامبەر گێڕاو ڕادەستی تورکیایان کرد و خەونی چەپەڵی تورکیایان هێنایە ئەمری واقع.....ز!!؟؟

هەرکەسێك مێژووی پارتی کرێکارانی بەرچاوکەوتبێت باش هەست بە ڕۆڵی سەرەکی سەرۆکی پەکەکە دەکات لە ڕۆژی یەکەمی خەباتی تا ڕۆژگاری ئەمڕ کە لە زیندانی ئیمرالی ژیان بە ڕێدەکات لە هەمان کاتیش لە گۆشەی پەنجەرەیەکی بچووکەوە هەوڵی چارەسەری هەموو کێشەکانی لە ئەستۆی خۆی گرتووە و ناهێڵێت زیان بە هێزی ئازادی خواز بکەوێت ئەمش بۆ کەسێك کە شەش ساڵ لە زیندانێك تەنها ژیان بکات شوێنی سەرسوڕمانە......

لە کۆتایی ئەم نووسینە ئەمەوێت بڵێم ئەوەی ڕۆژێك خیانەت بەم گەلە بکات ڕووڕەشی بەردەم ئەم گەلە هەژارەو مێژووە بۆیە لە سەرهەرکەسێکی کورد پێوویستە لە بەرامبەر بە خیانەت بێدەنگ نەمێنێت بۆ ئەوەی ڕیشەیی خیانەت لە ناو ئەم گەلە ڕیشە کێش بکرێت بۆ ئەوەی مێژوو خۆی دووبارە نەکاتەوە بۆئەمەش ئەرکی هەموو کەسێکە بە بێ جیاوازی ئایدۆلۆژی و پارتایەتی کاری بۆبکات.......

لە کۆتایی دەڵێین بمرێت خیانەت ڕووڕەشی بۆ خیانەت کاران و هاوکارانیان کە دەیانەوێت خوێنی هەزاران شەهیدی کورد بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان بفرۆشن لە ژێر ناوی وولات پارێزی و سیاسەت و ئایدۆلۆژیای ئازاد................

ئەم بابەتە تەنها هەڵوێستێکە لە بەرامبەر بە خەبات و هەوڵی تێکۆشانی برایان و خوشکانی شۆڕشگێڕ کە لە پێناوی ئازادی لە سەنگەری ئازادی شەو و ڕۆژیان ناوەتە سەریەك بۆ گەشتن بە ژیانێکی ئازاد سەربەخۆ